# کۆبوونەوەی ( شرم الشیخ ) بۆ چارە سەری کێشەی عێراق یان چارە سەری ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و رژیمی ئێران بوو




رۆژی پێنج شەممە سێزدەی بانەمەڕ کۆبوونەوەی شەرم و شێخ لە وەڵاتی میسر بە ئامادە بوونی نوێنەری وەڵاتانی دراوسێی عێراق و ژمارەیێکی بەرچاو لە نوێنەرانی وەڵاتانی جیهان لە ئوروپا و ئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقا کە ژمارەی بەشدار بوان نزیك بە هەشتاد نوێنەر دەبوون دەستی بە کارەکانی کرد و دوای دوو رۆژ کار کردن، ئێوارەی رۆژی هەینی چواردەی بانەمەڕ کۆتایی پێ هات و وەڵاتانی بەشدار و وەڵاتانی دراوسێ ی عێراق لەگەڵ بەڵێنی هاوکاری بە دەوڵەتی عێراق ئەو بەڵێنیەشیان دا، کە رێگە لە ترۆریستان بگرن تا لە سنوورکانیانەوە نەچنە خاکی عێراقەوە.

ئەوە دیارە کۆبونەوەی شەرم الشێخ کە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیێك بۆ کۆتایی هێنانی ئاڵۆزی لە عێراق و هەروەها رازی کردنی وەڵاتانی دراوسێی و بۆ هاوکاری خەڵکی عێراق لە دوای چەند مانگ هەوڵی بەردەوام و هات و چۆ و سەردان و کۆبوونەوەی بەرپرسانی وەڵاتان بە تایبەت بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق و ئەمریکا وەرێ خرا.

لەو پێوەندیەدا ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، هەوڵ و ماندوو بوونی بەرپرسانی عێراق بوو، بۆ رازی کردنی دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی شەرم الشیخ، تەنانەت وەڵاتانی ئوروپایش لە رێگەی خاویرسولاناوە چرای سەوزیان بە رژیم نیشان دا ئەویش بە وەرێ خستنی ووت وێژێك لە سەر بەرنامە ئەتۆمیەکانی رژیم و بە ناو بە باش ناساندنی هەڵویستی رژیم لە ووت وێژانە ئیمتیازیان دا بە رژیم.

هەروەها دەوڵەتی ئەمریکا کە لەوە پێش سوور بوو لە سەر ئەوەی ووت وێژ لەگەڵ رژیمی ئاخوندی ناکا، تا دەست لە پاڵاوتە کردنی ئورانیوم هەڵ نەگرێ، بەڵام رایگەیاند ئامادەیە لەگەڵ نوێنەرانی رژیمی ئێران ووت وێژ بکا لە سەر رووداوەکانی عێراق و بۆ کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزی لەو وەڵاتە. هەر چەندە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە هیوا بوو لە شەرم الشێخ لەگەڵ مەنوچێهری موتەکی وەزیری دەرەوەی رژیم ووت وێژ بکا، بەڵام وەك دەرکەوت هیچ نەوعە ووتووێژێك لە نێوان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و رژیم رووی نەداوە و تەنیا ووت وێژ لە نێوان کارناسانی ئەمریکایی و رژیمی ئێران دا بەرێوە چووە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی لێ بکەین ئەوەیە کە ئایا لە راستیدا کۆبوونەوەی شەرم الشیخ بۆ چارەسەر کردنی کێشە و ئاڵۆزی لە عێراق بوو، وەك باس دەکرا، یان بۆ نزیك بوونەوەی رژیمی ئێران و ئەمریکا بوو؟ روونە کۆبوونەوەی شەرم الشێخ زیاتر لەوەی کۆبوونەوەیێك بێت بۆ چارە سەر کردنی کێشەکان لە عێراق، کۆبوونەوەیێکی تەبلیغاتی و رەواڵەتی بوو و ئەوەی دەردی عێراقیەکان چارەسەر دەکا تیایدا باس نەکراوە و ئەگەریش بە کەم و کورِی باس کرابێ تەنیا بۆ شاردنەوەی راستیەکان بوو.

بەڵگەش ئەوەیە چۆن دەکرێ دەسەڵات و رژیمەکانی دراوسێی عێراق کە هەر کام بە نۆبەی خۆیان چاوی تەماعیان بریوەتە عێراق و هەر کام شێوەیێك سیاسەت و بەرنامەیان بۆ ئەو وەڵاتە هەیە بە دڵ و بە جیددی کار بکەن بۆ کۆتایی هاتنی ئاڵۆزی لە عێراق؟ بە تایبەت رژیمی ئاخوندی ئێران کە چاوی تەماعی لە عێراق بریوەو لە مێژە بە هیوایە دەسەڵات و حکومەتێکی هاوشێوەی خۆی لە عێراق بێنێتە سەرکار، چۆن ئەو هەلەی دەست کەوتوە لە دەست خۆی دەدا؟ لەلاییێکی دیکەوە رژیمی ئێران زۆر مەبەستیەتی ئاڵۆزی و شێواوی لە عێراق بەرەو سەر بچێ و لەو پێوەندیەشدا زۆری هاوکاری ترۆریستیان کردوە و بەرپرسانی ئەمریکایی و عێراقیش بە بەردەوامی بەڵگەیان لە سەر دەست تێوەردانی رژیمی ئێران ئاشکرا کردوە، تەنانەت لە سەر و بەندی کاری کونفرتنسی شەرم الشێخ هێزەکانی ئەمریکایی رایانگەیاند، چەند کەسیان گرتووە کە چەك و تەقەمەنی ئێرانی دەهێننە خاکی عێراقەوە و دەستیان بە سەر جۆرەها چەکی ئێرانیدا گرتووە لە گەرەکی سەدر. دیارە رژیمی ئێران بە پەرەپێدانی کردەوەی ترۆریستی و ئاژاوە لە عێراقدا ئەو مەبەستەی هەیە کە سەرئەنجام ئەمریکا ناچار بکا لە عێراق بچێتە دەر تا لەلاییێك مەیدانی بۆ ئاواڵەتر بێ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکانی، هەروەها ئەو دژمنە بە هێزەی لە عێراق و لە دراوسێتی ئێران وەدەر نابێ کە مەترسی لە سەر دەسەڵاتەکەی هەیە.

ئەو راستیانەی سەرەوە شتێك نین کە دەوڵەتی ئەمریکا هەستیان پێ نەکات. ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە کە چۆنە ئەمریکا هومێدی بە هاوکاری رژیمی ئێران و سوریە بەستووە؟ رەنگە دەوڵەتی ئەمریکا لەم کارەیدا دوو مەبەستی هەبێ. یەکەمیان ئەوەیە کە وەڵامی داوای جیمس بیکەر و لی هامیلتون و پرۆژەکەیانی دابێتەوە کە داوایان کردبوو ووت وێژ لەگەڵ ئێران سوریە بکرێ بۆ کۆتایی هاتنی ئاڵۆزی لە عێراق دا. لەلاییێکی دیکەوە بۆ کەم کردنەوەی بێزاری خەڵکی ئەمریکا بێ لە سەر درێژە کێشانی شەڕی عێراق و کوژرانی سەربازانی ئەمریکایی لەو وەڵاتە. ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا ئەو دوو مەبەستانەی بێ و لە راستیدا گەرەکی نەبێ لە رژیمی ئێران نزیك بێتەوە، بەو حاڵەش هەر نەوعە ووت وێژێکی تاکتیکی و کاتی ئەمریکا لەگەڵ رژیمی ئێران دەبێتە هۆیێك بۆ بەرز بوونەوەی ورەی دەسەڵاتدرانی رژیم و ئەوان کەڵکی لێ وەر دەگرن و سوورتریان دەکا لە سەر درێژەدان بە سەرکوتی خەڵك و گەڵاڵە ئەتۆمیەکانیان.

ئەوە روونە هەر نەوعە ئیمتیازێك بدرێتە رژیمی ئێران، ئەو رژیمە لە سیاسەتە ئاژاوە گێرِیەکانی دەست هەڵ نەگرێ و درێژەش بە گەڵاڵە ناوکەییەکانی دەدا و ئەوە راستییێکەو کەم کەس هەیە نەی زانێ و کۆمەڵگەی جیهانی هەستیان پێ کردوە.

رژیم بێجگە لە خرابکاری و درێژەدان بە ئاژاوە لە عێراق و درێژەدان بە گەڵاڵە مەترسیدارە ئەتۆمیەکانی و سوور بوون لە سەر سەرەرۆیی هیچ داوایێکی کۆمەڵگەی جیهانی جێ بە جێ نەکردووە. کە وایە ئەوەی لەگەڵ رژیم دەکرێ شتێك نیە بێجگە لە ئیمتیازدان و وەك دەر دەکەوێ لە کۆبوونەوەی شەرم الشێخ دا رژیمی ئێران بە کاتیش بێ سەرکەوتووی سەرکی بوو و توانی جێگە و شوێن و هێزی خۆی بە بەشداران بسەلمێنێ و ئاکامی پێداگری لە سەر سیاسەتە دزێوەکانی و هەرەشەکانی ببینێ.

پێویستە ئەوەش دەست نیشان بکەین کە کۆبوونەوەی شەرم الشێخ چ لە سەرەتادا و چ لە کۆتایی دا بێ ئاکام بوونی دیار بوو ئەگەر ناوی کۆبوونەوە بۆ قسە و موجامەلاتی لێ بنێرێ نەك کۆبوونەوە بە کۆتایی هێنان بە کێشە لە عێراق.

لایەنێکی دیکەی سەیری ئەو کۆبوونەوە ئەوە بوو، کە لە ژێر ناوی هەوڵ بۆ چارە سەری کێشەکان لە عێراق بوو، بەڵام زیاتری باسەکان لە سەر چارەسەری کێشەی نێوان ئەمریکا و رژیمی ئێران و هەوڵەکان بۆ نزیکی لە نێوان نوێنەرانی رژیمی ئێران و ئەمریکا بوو وە مەسەلەی عێراق و کێشەکانی تەنیا باسی زاهیری کۆبوونەوەکە بوو.

# ناکۆکی سەرانی رژیم لەسەر کەرتی تایبەت و ریشەی بەراوردەکان

هاشمی شاهرودی سەرۆکی قوەی قەزائیە نیزامی ئاخوندی لە بوونی ناکۆکی نێوان لێپرسراوانی بەرزی رژیم لەسەر خصوصی سازی هەواڵیدا و خوازیاری وەڕێ خستنی دانیشتنی هاوبەشی سێ ناوەندی دەسەڵاتەکەی رژیمی کرد تا بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکیە هەوڵ بدەن. شاهرودی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەد نوێنەری مەجلیسی رژیم لە سەر هەبوونی ناکۆکی لە نێوان سێ قوەکەدا تەئکیدی کردەوە و گووتی: هەڵسەنگاندی سیاسەتەکانی گشتی و خاڵی ٤٤و بەڵگەی(چشم انداز بیست سالە) جیاوازیان زۆرەو یەك ناگرنەوە. تأکیدی سەرۆکی قوەی قەزائیەی رژیم لە سەر تەفسیری وەلی فەقێ ی رژیم، خامنیە کە دوساڵ بەر لە ئیستا لە بەندەکانی جۆراوجۆری ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەرەتی پێشکەشی کردبوو. لە ساڵی رابردوودا، بە دوای ڕاگەیاندنی خامنەئی لە بارەی بەندی (ج) ئەسڵی ٤٤ی، بەرچاوترین نوێنەرانی سەرەکی دەسەڵات لە رژیمی ئاخوندیدا، لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بڵاوکراوەکانی رژیم، لە سەرەتای (خصوصی سازی)، واتە کۆتایی دەورانی بەدەستەوەگرتنی ئابوری لەلایەن دەوڵەت ( چشم انداز) و دەست نیشان کردنی ٨٠ سەدی واحیدەکانی کە لە دەست حکومەتدایە بەبەشی تایبەت، قسەیان کرد. بەڵام لە کردەوەدا هیچ گۆرانێك نەبووە و تەنیا بە مەبەستی تاقی کردنەوە بووە و تا ئیستا ئابووری بەرەو خوارتر و هەڵاوسان بەرەو سەردەچێ. بەپێ ی بڵاوکراوەکانی رژیم وئەو زانیاریانەی سەرچاوەکانی ئابوری رژیم دەریان خستوە کە ، نرخی سەرمایەدانانی واحیدەکانی بەرهەم هێنەری دەوڵەتی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٠تا ١٣٨٤، ١٨٠ملیارد تومان بووە، وە ئیستا بۆ٦٤ملیارد تومان دابەزیوە و تەنیا ٩لە سەدی ئامانجی دەوڵەت لە باری تایبەت کردندا بە دەست هاتووە. لە ماوەی ٢٠ساڵی رابردوودا لە سەرانسەری جیهان، لە ئەمریکای لاتین بگرە تا ئوروپای خاوەری و ناوەندی، هەزاران واحیدی بەرهەم هێنەری دەوڵتی دراوە بە بەشی تایبەت. رژیمی ئیرانیش بە چاولێکەری لە وەڵاتانی رۆژئاوا و سوك کردنی ئەرکی سەرشانی و خۆ دەربازکردن لە ئەرکی خزمەت گەیاندن، لە دەیەی ١٣٧٠ی کۆچی خۆریەوە،تایبەت کردنی ئابووری بە یەکێك لە بناغەکانی سەرەکی سیاسەتی خۆی لە پێشەوەچونی ئیسلاحات لە ئابووری دا راگەیاندووە کە تائێستا ئەو ئامانجەی نەپێکاوە. دەسەلاتی دەوڵەت بەسەر ئابوریدا ساڵ بە ساڵ زیاتر بووە و ئێران بە داخراوترین ئابوری هاتۆتە ئەژمار. بە پێی ئامارەکان، نرخی دانی شیرکەتەکانی دەوڵتی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٥تا ١٣٨٤گەیشتە ٢/٥٧٨ملیارد تومان و لەو ماوەدا سەرمایەدانانی نوێی دەوڵەت تازە گەیشتۆتە ٧٣٦٦٣ملیارد تومان. لە ماوەی ١٠ساڵ دا بەجێگای ئەوە کە دەوڵەت بچوك بێتەوە، سەرمایەدانی دەوڵەتی ٢٨لە سەدی زیادی کردوە، کە بە پێی ئەو ئاکامە ناکری ئەو ئابووریە بە کەرتی تایبەت حیساب بکرێ. رژیم بە فرۆشتنی بەشە دەوڵەتیەکان سەرقاڵە و ئەوەی ناو ناوە تایبەت کردن. ئەوە لە حالێکدایە کە بەشێك لەو شیرکەتانەی کە فرۆشراون لەلایەن خاوەنەکانیەوە داخراوە و توانایی کارکردنیان نەبووە. بوونی ناکۆکی لەسەر هەراج کردنی سەرمایەی خەڵکی ئیران لە نێوان لیپرسراوانی رژیمدا، کە هاشمی شاهرودی قسەی لێ دەکا، ئاماژیە بە کێ برکێ ی نێوان رەفسنجانی و پاسدار ئەحمەدی نژاد. ناکۆکی ئەو دووە لەسەر هێڵی گشتی سیاسەتەکانی ئابوری وەڵات لە باری تایبەت کردنە کە لە قازانج لە خزمەت سەرمایەدارانی رژیم وەك رەفسەنجانیە.دژایەتی کردنی پاسدار ئەحمەدی نژاد لەمەڕ نەکردنی ئابوری وەڵات بە کەرتی تایبەت، لەبەر ئەوەیە کە بەشەکانی دەوڵەتی وەکو هێزە سەربازیەکان و بونیادەکانی سەرو خۆیی و هەروەها دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات و توانای ئابوریە لە دەست خۆیدا.

# بەردەباران کردنی کچە کوردی یەزیدی مەحکوم دەکەین

لە کاتێکدا کە جیهان لە گەشە سەندن و پێش کەوتن دایە و بە پێی بەرەو پێش چوونی زانست و هاتنە ئارای عیلم، دەبوو بیر و ڕای جیاواز تەحەمول بکرایە بەڵام بە پێچەوانەی گەشە سەندنەکانی عیلم، دواکەوتوویی و کردەوەی دزێو و دژ بە مرۆڤایەتی بەردەوامە. بە داخەوە لە چەند رۆژی ڕابردوودا ژمارەیێك کەسی نەخۆش و دواکەوتوو، کچە کوردی بێ تاوان ( دوعا ) یان بە شێوەیێکی دڕندانە لە شاری بەعشیقە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا کوشت و بە کوشتنی ( دوعا ) جینایەتێکی دڕندانە بەرانبەر بە ئافرەتان و مرۆڤایەتی یان ئەنجام دا.

کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، کوشتنی کچە کوردی یەزیدی، کە بە تازەیی موسڵمان ببوو بە توندی مەحکوم دەکا و ئەو کردەوە دڕندانەیە بە کردەوەی دژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی و کوردایەتی دەزانێ.

کوشتنی ( دوعا ) بە ناوی پارێزگاری لە ناموس، یەکەم روداو و جینایەت نیە کە مرۆڤە نەخۆشەکان لە ژێر ناوی جۆراوجۆر و دوور لە هەموو رێ و شوێنە ئایینی و ئینسانیەکان بەرێوەی دەبەن. جێگەی خۆیەتی هەموو خوازیارانی ئازادی و پێش کەوتن و تێکڕای خاوەن باوەڕان بە ئایینی ئیسلامی و باقی ئایینەکانی دیکە بۆ بنەبڕ کردنی ئەو جۆرە جینایەتانە، تێ بکۆشن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ئافرەتان

٩ی بانەمەڕی ١٣٨٦ی کۆچی خۆری